سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان

# پرسیارە باوەکان

صندوق تطوير المشاريع edf

IOM وكالة الأمم المتحدة للهجرة

## پاکانەی ئەستۆ: گشت خزمەتگوازاریەکان و فۆرمەکانی داواکاری کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دابین کراون بە خۆڕایین.

ئەگەر هەر پرسیارێك یان نیگەرانییەکی تەکنیکیت هەبێت، تکایە ئیمێلمان بۆ بنێرە: iraqedf@iom.int

ئەگەر هەر پرسیارێك یان سکاڵایەك یان دووچاری لێ سەندن بە هەڕەشە یان بەرتیل بوویت، تکایە پەیوەندی بکە بە هێڵی بێ بەرامبەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (٨٠٠١٢٥٢٥) بە هێڵی ئاسیا سێڵ یان کۆرەك) یان هێڵی بە پارە لە هەر هێڵێکی تێلکۆم بێت (٠٦٦٢١١٢٥٢٥) لە کاتی کاتژمێرەکانی کارکردن (لە ڕۆژانی یەك شەممە تاکو پێنج شەممە لە کاتژمێر ٨:٠٠ی بەیانی -٥:٠٠ی ئێوارە).

**ماڵپەری سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان:**

edf.iom.int

| پرسیارە باوەکان | وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ |
|---|---|
| **پێوەرەکانی شایستەبوون** | |
| **ئایا بۆ چی ئەو کۆمپانیانەی کە لە نوێ دامەزراون ئەم بەخشینە نایانگرێتەوە؟ ئایا بۆ چی دەبێت کارەکە بەلای کەمی چوار ساڵ بوونی هەبێت بۆ ئەوەی شایستەی داواکردنی بەخشینەکە بێت؟** | ئاستی مەترسی بەرزترە لەو کۆمپانیایانەی کە لە نوێ دامەزراون چونکە نمونەی کارەکە هێشتا سەرکەوتنی نەسەلمێنراوە وەهەروەها خاوەن کارەکان خاوەن ئەزموونی پێویست نین بۆ ئیش پێکردنی کارەکە. |
| **ئایا هێشتا دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم، ئەگەر هەموو مەرجە پێویستیەکانیشم تێدا بەدی نەکرێت؟** | پێوەرەکانی شایستەبوون بنچینەن بۆ هەڵبژاردن. ئەگەر هاتوو کارەکەت یەك نەگرێتەوە لەگەڵ کەمترین ئەو داواکاریانەی کە ڕوون کراوەتەوە لە هەر پەیوەندی کردنێك بۆ دەربڕین لە ئارەزوومەندبوون، ئەوا کارەکەت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەت دەکرێتەوە لەلایەن سیستەمەکەوە. |
| **ئایا کارەکەم دەبێت تۆمار کرا بێت لە ژووری پیشەسازی و بازرگانی بۆ ئەوەی شایستەی داواکردنی بەخشینەکە بێت ؟** | تۆمارکردن پێوەریکی شایستەبوون نیە. ئەو کۆمپانیانەی کە تۆمار نەکراون دەتوانن داواکاری پێشەکەش بکەن. هەرچەندە، ئەو کۆمپانیانەی کە تۆمار کراون خاڵی بەرزتر بەدەست دەهێنن لە پێشکەش کردنی داواکاریەکانیان. |
| **کارەکەم بوونی هەبووە پێش ساڵی ٢٠١٧، بەڵام هەتا ئێستا تۆمار نەکراوە. ئایا دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم؟** | ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پشتگیری ئەو کۆمپانیانە دەکات کە تۆمار نەکراون لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری، بەڵام خوازیارن تۆمار بکرێن وەك بەشێك لە پلانی فراوان بوون بۆ کارەکانیان. |
| **کارەکەم کارێکی ئۆنلایەنە (ئۆفیسێکی بەرجەستە / ڕووبەر) نیە. ئایا دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم؟** | بەڵێ، دەتوانی داواکاری پێشکەش بکەیت. هەرچەندە، پێویستیت بە ڕەچاوکردنی ئەوە هەیە کەوا هەڵبژاردن ڕادەوەستێتە سەر سروشتی کارەکەت و گەڕی ئەو یارمەتیە داراییەی کە داوای دەکەیت. سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان بۆ داهێنان، پشتگیری کارەکان دەکات بە خزمەتگوزاریەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی. |
| **کەرتی تایبەت بە خۆم ئاماژەی پێنەکراوە لە بڵاوکراوەی ڕاگەیاندنەکە. ئایا هێشتا دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم؟** | دەتوانی داواکاری پێشکەش بکەیت؛ هەرچەندە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ئەو بازرگانیانە ڕەچاو ناکات کە لە کەرتە بە ئامانج کراوەکاندا نیە بە پێی ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچ بۆ هەڵسەنگاندنی بازاڕی هێزی کار. |
| **من کارمەندی حکومەت و خاوەن کۆمپانیام. ئایا دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم؟** | بەڵێ، دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت، وەهەروەها ڕەخسانی هەلی کاری یەکسانت هەیە وەکو هەر داواکارێکی تر. |

| پرسیارە باوەکان | وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ |
|---|---|
| **من پەنابەری سوریم خاون کۆمپانیام. ئایا دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم؟** | ئامانجی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان تەنها بۆ ئەو خاوەن کۆمپانیایەن کە عێراقین. هەرچەندە، لەوانەیە هەندی پەیوەندی کردنێکی تایبەتمەند هەبێت بۆ ئەو داواکاریانەی کە ئامانجی خاوەن کۆمپانیاکانی سورین لە ئاییندەدا، لەبەر ئەمە چاودێری پلاتفۆرمی سۆشیەڵ میدیای ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بکە بۆ ئەم مەبەستە و وەهەروەها وەڵامدانەوەی پەیوەندی کردنەکان. |
| **من بەخشینی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکەم پێشتر وەرگرتووە. ئایا دەتوانم دووبارە داواکاری پێشکەش بکەم؟** | نەخێر، ناتوانیت. سیستەمەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی داواکاریەکەت ڕەت دەکاتەوە. |
| **من پێشتر دواکاریم پێشکەش کردووە، بەڵام لە لیستی پوختەکردن دانەنراوە. ئایا دەتوانم دووبارە داواکاری پێشکەش بکەم؟** | تۆ پێویستیت بە خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانی زانیاری هەیە بە شێوەیەکی روون وەهەروەها دڵنیابوونەوە لەوەی کەوا کارەکەت لەگەڵ پێوەرەکانی شایستەبوون یەك دەگرێتەوە پێش بڕیاردان بۆ پێشکەش کردنی داواکاری. دەتوانیت دووبارە داواکاری پێشکەش بکەیت ئەگەر کارەکەت ڕەت کرایەوە وەهەروەها ئاگاداربوونەوەکەت وەرگرتووە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە. ئەگەر کارەکەت هێشتا لە لیستی چاوەڕێ کردن بوو، ئەوا مانای ئەوەیە کەوا کارەکەت چاوەڕێی پیاچوونەوەمانە، ئیتر سیستەمەکە ڕێگە نادات بە داواکاریەکەت جێبەجێ بکرێت. |
| **من ناونیشانی ئیمێڵم نیە. ئایا هێشتا دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم ؟** | ناونیشانی ئیمێڵ هەڵبژاردەیە، دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بەبێ ئەوەی ناونیشانی ئیمێڵەکەت بخەیتە سەر داواکاریەکەت. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەلای کەمی پێویستی بە یەك ڕێڕەوی پەیوەندی کردنە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ داواکارەکان . |
| **ئایا پێوەرەکانی شایستەبوون ئاسانتر دەکەن سەبارەت بە بەخشینەکانی ئاییندە؟** | ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پێوەرەکانی هەڵبژاردن بەپێی بنەمای هەڵسەنگاندنەکانی بازاڕ وەهەروەها پێداویستیەکان لە کۆمەڵگا بە ئامانج کراوەکاندا. گۆڕانکاریەکانی سەرەکی بۆ پێوەرەکان هەموو جارێك بریتین لە کەرتەکانی دەست تێخستن وەهەروەها شوێنە بە ئامانج کراوەکان چونکە بەپێی بنەمای ڕاسپاردەکانی هەڵسەنگاندنی بازاڕن. |
| **زۆربەی پارەکانم خەرج کردووە لە نوژەن کردنەوەی کۆمپانیاکەم، بەڵام پێویستیم بە پارە هەیە بۆ تەواوکردنی نوژەن کردنەوەکە. ئایا چۆن بەهای خەرج کردنەکەم دەپیویت وەهەروەها چۆن پاسادانی دارایی دەتوانم پێشکەش بکەم؟** | دەتوانیت ئەو کەل وپەلانەی کە پێشتر کڕاون پیشان بدەیت، کە پسوولەی ئەو ئامێرانە دەگرێتەوە کە لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا کڕاون. ئەگەر پسوولەت نەبوو، لەوانەیە وێنە یان وەسف کردن قەبوڵ بکرێت، بەڵام ئەمە بەپێی بارێکەوە بۆ بارێکی تر دیاری دەکرێت. ئەم زانیاریانە داواناکرێت تاکو پێشکەش کردنی داواکاریەکی تەواو نەکرێت. ئەمەش دووپیات دەکرێتەوە بە شێوەیەکی ماددی لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە کە وەك بەشێك لە پرۆسەی هەڵبژاردن، وە لە پاشان دەبێت زانیاری وورد پێشکەش بکرێت. |
| **هەندێ ئامێری دەستی دووم کڕیوە لە شوێنی جیاوازەوە، و ناتوانم لیستەی نرخەکانیان دابین بکەم. ئایا ئەمە چۆن دەتوانم بە شێوەیەکی دارایی پاساوی بۆ بهێنمەوە؟** | دەتوانیت بە وێنە یان بە وەسف کردن ئەو بڕە پیشان بدەیت کە لە ئێستادا لە کارەکەتدا وەبەرهاتووە، لەدواییدا کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ زانیاریەکە دووپات دەکەنەوە لە کاتی سەردانی ماڵپەرەکە. هەرچەندە، ئەگەر نەتوانیت بیسەلمێنی کە ئامێرەکە لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا کڕاوە، ئەوا بە بەشداربوونێکی گونجاو ڕەچاو ناکرێت، وەهەروەها لەوانەیە کاریگەریەکی نەرێنی هەبێت لەسەر هەڵی هەڵبژاردنت. |

| پرسیارە باوەکان | وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ |
|---|---|
| **پارەم پێنییە بۆ ئەوەی بەشداربم لە پرۆژەکە. من هەموو سەرمایەکەم لەدەستداوە، ئایا ئەمە گونجاوە بۆ خەلکی هەژار؟** | مەبەستی بەشداربوونەکە بریتییە لە گەورەکردنی کاریگەری یارمەتی دارایی دیاری کراوەکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچە وەهەروەها پیشاندانی پابەندبوون بە سەرکەوتنی پرۆژەکەیە. کەسەکە بێ بەش نابێت لە پێشکەش کردنی داواکاری، بەڵام ئەمە یارمەتی ڕەخساندنی هەلیان بۆ دەدات ئەگەر بتوانن بەشداربوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بگونجێنن. |
| **کۆمپانیاکە دارمابوو، وەهەروەها من لە ئێستادا دەستم کردووە بە نوژەن کردنەوە، بەڵام نەمتوانیوە تەواوی بکەم لە بەر کەم وکووڕی پارە، ئینجا ئایا دەتوانم داواکاری بۆ بەخشینەکە پێشکەش بکەم پێش تەواوکردن و دەست پێکردنی کارەکە؟** | بۆ ئەوەی شایستەی بەخشینی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکە بیت پێویستە تۆ کۆمپانیایەکی کارات هەبێت لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاریەکە. هەرچەندە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پەیوەندی دەکات بەو داواکردنانەی کە تایبەتن بە کۆمپانیا دارماوەکان. پێویستە چاودێری پلاتفۆرمی سۆشیەل میدیای ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بکەیت بۆ بەدەست هێنانی زانیاری نوێ دەربارەی کرانەوەی کاتی ئەم پەیوەندی کردنانە.<br><br>https://www.facebook.com/IOMIraq |
| **من کۆمپانیاکەم نوژەن کردۆتەوە وەهەروەها ئێستا کاری تێدا دەکەم، و داواکاری هەیە و دەمەوێت فراوانی بکەم. ئایا دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم ؟** | بەڵێ، دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت. ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پشتگیری فراوان بوونی کارەکانە وەهەروەها زیادکردنی پێویستی بۆ هێزی کار. لەبەر ئەمە، هەبوونی داواکاری ڕوون بۆ بەرهەمەکەت، یارمەتی دەدات بۆ سەلماندنی پێویستی بۆ هێزی کار. |
| **کەمتر لە ساڵێکە کە ئەم کارە بەڕێوەدەبەم وەهەروەها داواکاری بازاڕی هەیە بۆ بەرهەمەکان لە ناوخۆ دەرەوەی شار. ئایا دەتوانم داواکاری بەخشینەکە پێشکەش بکەم بۆ باشترکردنی کارەکە وەهەروەها بۆ جێبەجێ کردنی داواکاری بازاڕ؟** | بۆ ئەوەی شایستەی بەخشینی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان بیت، پێویستە کارەکەت بەلای کەمی چوار ساڵ دامەزرا بێت. لەبەر ئەمە تۆ شایستە نیت. |
| **پرۆسەی داواکاری** | |
| **من کێشەم هەیە بۆ چوونە ناو پەڕی داواکردنەکە. ئایا دەبێت چی بکەم؟** | دەتوانیت داوای یارمەتی بکەیت لە کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ چوونە ناو پەڕی داواکردنەکە. دەتوانیت بگەیت بە تیمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ڕێگەی ڕێڕەوی جیاوازەوە کە بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەی پێکراوە لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنەوە. کە ئەمە چوارگۆشەی سکاڵا لە ماڵپەڕەکە، هێڵی بێ بەرامبەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ، یان ناونیشانی ئیمێلی تیمی پرۆگرامەکە دەگرێتەوە. |
| **ئەو کەسەی کە لەسەر هێڵی یارمەتی دانە، دەبێت توانای هەبێت بۆ ڕێکخستنی چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو. بەڵام چی ڕوودەدات ئەگەر کارەکە دوور بێت لە شوێنی کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە؟** | ئەو شوێنانەی کە کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ناتوانن بڕۆن، تەنها ئەو شوێنانەن کە نیگەرانی ئاسایشی سەختیان لەسەرە. هەرچەندە لەم جۆرە ڕەوشانە، کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دەتوانن پەیوەندیت پێوە بکەن وەهەروەها ڕوونی دەکەنەوە کە پرۆسەکە لەوانەیە لە ڕێگەی پەیوەندی پێوەکردنی ڤیدیۆییەوە بێت. |
| **کاتێك داواکاریم پێشکەش کرد، هیچ کورتە نامەیەکم بۆ نەهات بۆ ئەوەی دووپاتی پێشکەش کردنەکە بکات. ئایا چۆن دەزانم کەوا داواکاریەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە پێشکەش کراوە ؟** | دەتوانی داوای یارمەتی بکەیت لە کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن بۆ چوونە ناو ماڵپەڕەکە. دەتوانیت بگەیت بە تیمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ڕێگەی ڕێڕەوی جیاوازەوە کە بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژەی پێکراوە لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنەوە. کە ئەمە چوارگۆشەی سکاڵاکان لە ماڵپەڕەکە، هێڵی بێ بەرامبەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، یان ناونیشانی ئیمێلی تیمی پرۆگرامەکە دەگرێتەوە |

| پرسیارە باوەکان | وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ |
| --- | --- |
| **پرۆسەی هەڵبژاردن** | |
| **چۆن کارەکان هەڵدەبژێردرێن بۆ بەخشینەکە (ئایا پێوەرەکانی هەڵبژاردن چین) ؟** | پێوەری هەڵبژاردن بەکاردێت بۆ دیاری کردنی داواکارەکان بۆ قۆناغەکانی تر کە دابین دەکرێت بۆ پەیوەندی پێوکردنی دەربڕینی ئارەزوومەندبوون کە بەردەست دەبێت لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری. |
| **ئایا کەرتەکانی تر کە ئاماژەیان پێکراوە لە پێوەرەکانی شایستەبوون پێشتریتیان هەیە ؟** | هەموو کەرتەکان کە ئامژەیان پێکراوە لە پەیوەندی کردنە تایبەتەکان بە یەکسانی پێشتریتیان هەیە. |
| **ئایا دەتوانرێت دوو کار لە هەمان خێزان (هەمان سیستەمی دابەشکردنی گشتی) هەڵبژێردرێن بۆ بەخشینەکە، ئەگەر هاتوو هەردوو کارەکە بگونجێن لەگەڵ پێوەرەکان؟** | خاوەن کارەکە پێویستە لە سیستەمی دابەشکردنی گشتی (PDS) جیاواز بێت. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دوو جار پشتگیری لە هەمان خێزان ناکات. |
| **ئایا ئەو داواکارانەی کە پێشتر ڕەت کراونەتەوە دەتوانن ڕەخنەوپێشنیاری دیاری کراوتر وەربگرن دەربارەی هۆکاری هەڵنەبژاردنیان؟** | داواکارەکان دەتوانن بگەڕێنەوە سەر بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی پەیوەندی کردن بۆ پێشکەش کردنی داواکاری و هەروەها بەراوورد کردنی زانیاری بۆ باشتر تێگەیشتن لە پرۆسەی هەڵبژاردن. هەرچەندە، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە لە ڕێگەی ڕێرەوە پەیوەندیەکان کە ئاماژەیان پێکراوە لە بڵاوکراوەی ڕاگەیاندندا بۆ بەدەست هێنانی ڕەخنەوپێشنیاری وورد تاك. |
| **ئایا چۆن ئاگادار دەکرێمەوە ئەگەر کارەکەمان هەڵبژێردراوە/ ڕەت کراوەتەوە؟** | کورتە نامەت بۆ دێت کە زانیاری نوێت پێدەدات دەربارەی باری داواکردنەکەت. ئەگەر ئاماژەت بە ناونیشانی ئیمێڵەکەت کردبێت ئەوا ئیمێڵت بۆ دێت ئەگەر نا ئەوا کورتە نامە (SMS) بۆ تەلەفونەکەت دێت. |
| **کەی ئاگادارمان دەکەیتەوە ئەگەر هەڵبژێردراین بۆ قۆناغی دووەم؟** | ئەو کۆمپانیانەی کە لە لیستی پوختەکراون، ئاگادار دەکرێنەوە لە ماوەی چوار هەفتە پاش بەرواری داخستنی پەیوەندی کردنەکان. |
| **هێڵەکانی یارمەتیدان** | |
| **ئایا چی بکەم ئەگەر ژمارەی هێڵێ یارمەتیدان کە ئاماژەی پێکراوە لە بڵاوکراوەی ڕاگەیاندندا کار نەکات ( تەلەفۆنەکە سەرقاڵ بێت، تەلەفۆنەکە داخرا بێت)؟** | پێویستە پەیوەندی بکەیت بە ژمارەکان لە کاتی کاتژمێرەکانی کارکردن وەهەروەها تەنها لە ڕۆژانی کارکردندا. هەرچەندە ئەگەر نەتوانیت بگەیت بە ناوەندی پەیوەندی کردن، ئەوا دەتوانیت سکاڵا بەرز بکەیتەوە لە ماڵپەڕی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان یان ئیمێڵ بنێریت بۆ تیمی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان لە ڕێگەی: IRAQEDF@IOM.INT |
| **پرسیارەکانی IT** | |
| **کێ دەتوانێت پشتگیریم بکات (بە کێ دەتوانم پەیوەندی بکەم) ئەگەر هەڵەیەکی تەکنیکی هەبێت لە لینکی پێشکەش کردندا؟** | دەتوانیت داوای یارمەتی بکەیت لە کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ یارمەتیدانت بۆ چۆنیەتی بەکار هێنانی. دەتوانیت بگەیت بە تیمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ڕێگەی ڕێرەوی جیاوازەوە کە بە شێوەیەکی روون ئاماژەیان پێکراوە لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندندا. کە چوارگۆشەی سکاڵا لە ماڵپەرەکە، ژمارەی هێڵێ بێ بەرامبەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، یان ناونیشانی ئیمێڵی تیمی پرۆگرامەکە دەگرێتەوە. |
| **من لاپتۆپم نیە. چۆن دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم؟** | دەتوانیت تەلەفۆنەکەت بەکاربهێنیت بۆ پێشکەش کردنی بەخشینی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان، ماڵپەرەکە بە شێوەیەك دیزاین کراوە کەوا ڕێگە بە پێشکەش کردنی داواکاری دەدات لە ڕێگەی تەلەفونەوە. |

| پرسیارە باوەکان | وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ |
|---|---|
| **ئایا دەتوانم بۆ پێشکەش کردنی داواکاری تەلەفونی زیرەك بەکاربهێنم؟** | دەتوانیت تەلەفون بەکاربهێنیت بۆ پێشکەش کردنی داواکاری بۆ بەخشینی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان، ماڵپەڕەکە بە شێوەیەك دیزاین کراوە کەوا ڕێگە بە پێشکەش کردنی داواکاری دەدات لە ڕێگەی تەلەفونەوە. |
| **من کێشەم هەیە لەگەڵ ماڵپەڕەکە. ئایا بۆچی تەنها دەتوانم بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی داواکاری پێشکەش بکەم؟** | لەبەر ڕەچاوکردنی سنووردارییەکانی پەتای کۆرۆنا وەهەروەها پابەندبوون بە پرۆتۆکۆلەکانی لێك دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بڕیاریدا پلاتفۆرمەکانی ئۆنلاین بەکاربهێنێت بۆ جیبەجێکردنی پرۆگرامەکانی. ئەگەر بەرەورووی هەر کێشەیەك دەبیتەوە، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە بۆ وەرگرتنی یارمەتی. |
| **پرسیارە گشتییەکان** | |
| **ئایا ماوەی چەند دەخایەنێت لە کاتی پێشکەش کردن تاکو وەرگرتنی بەخشینەکە؟** | ماوەی چوار تا شەش مانگ دەخایەنێت بۆ بڕیاردان دەربارەی ئەو داواکاریانەی کە پێشکەش کراون بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، کە پرۆسەیەکی مەودا درێژو گشتگیرە بۆ هەڵبژاردنی ئەو داواکاریانەی کە شایستەن. |
| **ئایا دامەزراندنی کارمەندانی زیاتر مەرجی سەرەکیە بۆ بەدەست هێنانی بەخشینەکە؟** | ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆگرامە بۆ بەرزکردنەوەی هەلی ڕەخساندنی کارە لە عێراقدا، دامەزراندنی کارمەندی زیاتر پێوەرێکی سەرەکیە کەوا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ڕەچاوی دەکات بەدرێژایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا بەڵام دەبێت دامەزراندنەکە بگونجێت لەگەڵ سەرکەوتوویی کارەکە. |
| **ئایا کەمترین وەهەروەها زۆرترین بڕی بەخشینەکە چەندە؟** | کەمترین بڕی پارەکە ٥,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکیە، وەهەروەها زۆرترین بڕی پارەکە ٣٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکیە. |
| **ئایا دەتوانیت قەرز بدەیتەوە (قەرز وەربگریت) لە بڕی پارەی بەخشینەکە؟** | ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هانی وەبەرهێنان دەدات لە کرداری کڕینی نوێ وەهەروەها چالاکیەکانی فراوان بوون کەوا بەرهەمەکانی کارکردن زیاد دەکات وەهەروەها کە لەکۆتاییدا دەبێتە مایەی ڕەخساندنی هەلی کار. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هانی کۆمپانیاکان دەدات کەوا قەرزەکانیان بدەنەوە لە بەشداربوونیان بۆ فراوان بوونی کارەکان وەهەروەها دەتوانن ئاماژە بەمە بکەن بە شێوەیەکی ڕوون لە داواکاریەکانیان. |
| **ئایا مانای "بەشداربوونی داواکار / بەشداربوونی خاوەندار" چی دەگەیەنێت؟** | سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان بەخشینێکی گونجاوە کە خاوەن کۆمپانیایەکە تیایدا پێویستی بە گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتیە بۆ هەندێ لە کردارەکانی کڕین بۆ ئەنجامدانی فراوان بوونێکی واقیعی. هەلی بەدەست هێنانی بەخشینەکە زۆرترە بۆ ئەو کۆمپانیانەی کە زیاترین بەشداربوون ئەنجام دەدەن. بۆ نمونە، پلانێکی فراوان بوون بۆ چالاکیەکی بازرگانی ٢٥,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی تێدەچێت، خاوەن کارەکە لەوانەیە داوای ١٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بکات لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ وەهەروەها ١٥,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ فراوان بوون تیایدا بەشدار دەکات. |
| **ئایا چۆن بەهای نەختی دەزانم بۆ موڵکی کارەکەم؟** | خاوەن کارەکان دەتوانن بەهای کارەکانیان هەڵسەنگێنن لە ڕێگەی هەژمارکردنی ئەو کەل وپەلانەی کە کارەکانیان هەیانە وەهەروەها هەژمارکردنی نرخی بازاڕ یان تێچووی هەریەك لە کەل و پەلەکان. |
| **ئایا ژمارەی سیستەمی دابەشکردنی گشتی (PDS) چیە؟** | کارتی سیستەمی دابەش کردنی گشتی بەکاردێت بۆ گەیشتن بە سەبەتەی پشکی خواردن کە دابەش دەکرێت لەلایەن حکومەتەوە. |

| پرسیارە باوەکان | وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ |
|---|---|
| ئایا ژمارەی بەڵگەنامەی ناسنامەکە چییە؟ چ / کام بەڵگەنامەی ناسنامەیە؟ | بەڵگەنامەی ناسنامە بۆ هەموو کەسێکە. ئەو بەڵگەنامەیە کە وێنەی کەسەکەی لەسەرە وەهەروەها وردەکاریەکانیانی تێدایە. |
| ئایا شوێنی کارەکە چی دەگەیەنێت؟ ئایا شوێنی ئێستای کارەکە یان شوێنی لقە نوێیەکە پاش فراوانبوون؟ | شوێنی کارەکە مەبەستی شوێنی ئێستایە کە کۆمپانیایەکە کارەکانی تیایدا بەڕێوەدەبات. |
| ئایا مەبەستی ناوی بازرگانی چی دەگەیەنێت؟ مەبەستی ناوی تۆمارکردنە (ناوی مۆڵەتەکە) یان ئەو ناوەی کە لەسەر لافیتەی کارەکەیە؟ | ناوی بازرگانی ئەو ناوەیە کە لە ناو بەڵگەنامەی تۆمارکردنە. هەرچەندە ئەگەر چالاکی بازرگانیەکە تۆمار نەکرا بێت، ئەوا ناوی چالاکی بازرگانیەکە لە سەر لافیتەکە ڕەچاو دەکرێت. |
| مەبەستی خاوەن کارەکە کێیە؟ مەبەستی ئەو کەسەیە کە کارەکە بەڕێوە دەبات یان خاوەن کارە ڕەسەنەکەیە؟ | مەبەستی خاوەن کارە ڕەسەنەکەیە. |
| یەک لە کارمەندەکان ئەندامێکی خێزانەکەمە. ئایا ئەو هەژمار دەکرێت کاتێك ئاماژە بە ژمارەی کارمەندان دەکرێت؟ | بەڵێ، پێویستە هەموو ئەو کارمەندانە هەژمار بکرێن کە کار دەکەن لە کۆمپانیایەکەت کە تەمەنیان لە سەرووی ١٨ ساڵیدان، وەهەروەها مووچە یان کرێیان پێدەدەیت. |
| ئایا بۆچی مەودای تۆمارکردنەکە زۆر کورتە؟ | ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پەیوەندی پێوەکردن بۆ داواکاریەکان دەکاتەوە بۆ ماوەی سێ هەفتە، کە ئێمە لەو باوەڕە داین کە ماوەکە بەش دەکات بۆ خاوەن کارەکان بۆ ئەوەی داواکاری پێشکەش بکەن. |
| ئایا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ئایندەدا پلان دادەنێت بۆ پشتگیری ئەو کۆمپانیانەی کە لە نوێ دامەزراون؟ | ئەمە بەشێك نیە لە پلانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ ساڵی ٢٠٢. هەرچەندە، ئەمە لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت بۆ ساڵی داهاتوو، بەڵام ئێمە ناتوانین بەڵین یاخود گەرەنتی بدەین. |
| ئایا گەڕەکانی داهاتووی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانە کەیە؟ ئایا کام لە کەرتەکان دەگرێتەوە؟ | لە ئێستادا ئەم زانیاریانەمان نیە! کەرتەکان دیاری دەکرێت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنەکانی بازاڕ بۆ هەریەك لە شوێنەکان. پێویستە چاودێری پلاتفۆرمەکانی سۆشیەڵ میدیای ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بیت بۆ بەدەست هێنانی زانیاری نوێ دەربارەی گەڕەکانی داهاتوو.<br><br>https://www.facebook.com/IOMIraq |
| ئایا چۆن ئاگادار دەکرێمەوە دەربارەی هەلە نوێیەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان؟ | ئایا پێویستە چاودێری پلاتفۆرمەکانی سۆشیەڵ میدیای ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بیت بۆ بەدەست هێنانی زانیاری نوێ دەربارەی هەلەکانی داهاتوو؟ |
| لە کوێ دەتوانم لیستی BNF سوودمەندە شایستەبووەکان ببینم/ بدۆزمەوە؟ | لیستی سوودمەندەکان نهێنیە، وەهەروەها تەنها لەلایەن ئەو کارمەندانە بەدەست دەهێنرێت کە پێگەیان هەیە لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ. |
| من داواکاریم پێشکەش کردووە بۆ بەدەست هێنانی قەرەبوونەوە لەلایەن حکومەت؛ چاوەڕێی وەڵامدانەوەیانم؟ ئەگەر دووبارە کردمەوە، ئەوە قەرەبوونەوەکەم پێنادەن . ئایا دەبێت چی بکەم؟ | ئەمە بڕیاری خۆتە. ئێمە تەنها ئەو پەڕی بڕی ٢٥,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی دەبەخشین بە ژمارەیەکی کەم لە کۆمپانیاکان. |
| من دوو تا سێ کارگەم هەیە کە دارماون. ئایا دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم بۆ هەموویان بە شێوەیەکی جیا، یان تەنها یەك داواکاری ڕەچاو دەکرێت؟ | هەر دەربڕینێکی ئارەزوومەندبوون دەبێت بۆ یەك کار بێت، کە لەوانەیە فرە کارگەی هەبێت. |
| ئایا زانیاریەکانمان هاوبەش دەکرێت لەگەڵ کەس / لایەنی تر؟ | هەرچەندە ئەو زانیاریانە وەردەگرین کە پێمان وایە هەستیارە، لەگەڵ ئەوەش هەموو زانیاریەکانی پێناسەکردنی کەسێتی کە پێشکەشمان دەکەیت نهێنین. زانیاریەکانی پێناسەکردن تایبەت بە تۆ، هاوبەش ناکرێت لەگەڵ هیچ کۆمسیۆنێکی ڕێکخەر، ڕێکخراو، تاك یان دەزگا. |

| پرسیارە باوەکان | وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ |
|---|---|
| **سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF- R)** | |
| **ئایا بەخشینەکە ئەو خاوەن کارگانە دەگرێتەوە کە دەیانەوێت کارگەکانیان بەڕێوە ببەن بە بەکارهێنانی تابلۆی خۆر؟** | ئامانجی بەخشینەکە پشتگیری کردنی ئەو کۆمپانیانەیە کە کاردەکەن لە کەرتی ووزەی نوێ بوەکان، نەك ئەو کۆمپانیانەی کە تابلۆی خۆر بەکاردەهێنن. |
| **ئایا جۆرەکانی ووزەی نوێ بوەکان چین کە لەلایەن بەخشینەکەوە پشتگیریان لێدەکرێت؟** | ئەمەیان بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەی پێکراوە لە بڵاوکراوەکەی ڕاگەیاندنی پەیوەندی کردنی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF- R)، تکایە بە ووردی بڵاوکراوەی ڕاگەیاندنەکە بخوێنەوە بۆ تێگەیشتن لە جۆرەکانی ووزە نوێ بوەکان کە شایستەی بەخشینەکەن. |